## کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەوانانی کوردستان: بەرپرسێکی یەکێتی هەڕەشە لەرۆژنامەوان ڕەحمان غەریب دەکات

سەرچاوەکانمان لەباشووری کوردستان لەچەندین پەیوەندی دیکومێنت کراودا، ڕادەکەیەنن کەبەرپرسیارانی هەرە بەرزی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی بە تەلەفۆن هەڕەشەی ڕاستەخۆ لەچەند ڕۆژنامەوانێکیان کردوە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر. بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شەوی 8ی مارس کاتژمێر 23.30 خولەک بەتەلەفۆن هەڕەشەی لەرۆژنامەوان و ئەندامی پەیوەندیەکانی پارێزگای سێلمانی کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەوانانی کوردستان (ڕەحمان غەریب)ی کردوە. ڕەحمان غەریب بۆ ڕۆژنامەی هاولاَتی و ئاژانسی ئەسوات ئەلعیراق کاردەکات. لەهەڕەشەکیدا بەرپرسیَکی یەکێتی داوای لەرۆژنامەوان ڕەحمان غەریب کردوە باسی گەندەڵی نەکات و دەمی داخات ئەگینا (وەک سەگ دەت تۆپێنم). ئێمە لە کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەوانانی کوردستان هەموو حاڵەتەکانی هەڕشەکردن لای خۆمان تۆمار دەکەین و وەک ڕاپۆرت تەسلیم بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمنستی ئینترناسیۆنال و کۆمیتەی جیهانی بەرگری لەرۆژنامەوانان دەکەین ئەوە جگە لە پەیوەندیەکانی تری ڕاستەوخۆ بەحکومەت و پەرلەمانەکانی ئەوروپا. هەروەها لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ ئاگارداری نوسخەیەک لە پێشێلکاریەکان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانیش دەکەین.

لێرەدا دەمانەوێت بە دەسەلاَتدارانی باشووری کوردستان ڕابگەیەنێن کە کۆمیتەکەمان بەشێوەیەکی یاسایی و بە دیکۆمێنت کار دەکات و ئەرکی بەرگری کردنە لە هەموو ڕۆژنامەوانانی کوردستان. لەوانەیە تاوەکوو ئێستا بەرپرسیارانی ڕاگەیاندن لەباشووری کوردستان ئاشنای ئەم جۆرە کارە نەبن و پێیان وابێت دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەڕەشە لەرۆژنامەوانان بکەن بەبێ ئەوەی ناویان لەراپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی جیهانیدا تۆمار و ڕەش بکرێت، بۆیە ئەگەر بیانەوێت باشووری کوردستان وەک هەرێمێکی خاوەن یاسا پێشان بدرێت با خۆیان لەو جۆرە کارانە لابدەن، چونکە لەمەودوا هەتتا هەڕەشەکانی بەتەلەفۆنیش دەکرێن، وەک دیکۆمێنت تەسلیم بە ڕێکخراوەکانی جیهانی دەکەین. بۆ زیاتر زانیاری دەمانەوێت بە بەرپرسیارانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی بڵێین کە لە کۆتایی مانگی ڕابووردوودا کۆمیتەکەمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان دانیشتووەو لیستێکی پێشێلکاریەکانی ڕۆژنامەوانی لەباشووری کوردستان تەسلیم بەو ڕێکخراوەکراوە.

کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەوانانی کوردستان بێزاری خۆی ڕادەکەیەنێت کە لەجەندین حاڵەتدا ئەوانەی هەڕەشە لە ڕۆژنامەوانان دەکەن لە باشووری کوردستان خودی بەرپرسیارانی ڕاگەیاندنن و لەناو دەسەلاَتی پارتی و یەکێتیدان لەکاتێکدا کە دەبێت ئەوان پشتگیری لەرۆژنامەوانان بکەن. ئێمە لای خۆمانەوە داوا لەو بەپرسیارانە دەکەین لەجیاتی هەڕەشە و قسەی سووک با پەنا بۆ یاسا ببەن نەک هەڕەشە لێیان بکەن و بەشێوەیەکی ناشارستانی هەڵسووکەوت بکەن.


کۆمیتەی بەرگی لەرۆژنامەوانانی کوردستان

http://www.ymek.org/journalists.htm

ko_b_r_ku@yahoo.se


2007-03-09